# زانكۆی سەڵاحەددین

# كۆلێژی پەروەردە / شەقڵاوە

# بەشی زمانی كوردی

# بابەت : شیكردنەوەی دەق

# مامۆستا : عمر احمد

دوای ئەوەی لێکۆڵینەوە لە هەموو ئاستەکانی زمان هەر لە (ئاستی دەنگسازیەوە بگرە تا دەگاتە پراگماتیک) گرنگییەکی زۆری پێدرا، لەلایەن زمانەوانەکان، بابەتێکی تری زمانەوانی هاتەپێشەوە کە پێویست بوو هەڵوەستەی لەسەر بکرێ کە ئەویش بریتیی بوو لە (دەق) و (شیکردنەوەی دەق) تا وای لێ هات لە چارەکی کۆتایی سەدەی بیستەم (دەق و دەقناسی) پانتاییەکی بەرفراوانی داگیرکرد لە لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، گەیشتنە ئەو ڕاددەیەی کە زمانەوانەکان بیر لە فراوانکردنی بواری زمانەوانی بکەنەوە و ئاستێکی تری بۆ زیاد بکەن کە ئەویش ئاستی پاش ڕستەیە.

لێکۆڵینەوە لە دەق، تەکنیک و ڕێ و شوێنی تایبەت بەخۆی هەیە کە جیاوازە لەهی هەر ئاستێکی تری زمان. دیارە هەر زانستێک یان بابەتێکی نوێ لەسەرەتای سەرهەڵدانییەوە، دووچاری بوونی بیروڕا و بۆچوونی جیاواز دەبێتەوە، دەقیش وەک زانستێکی تازە کە سەری هەڵدا، چەندین تیۆرو بۆچوونی جیاواز لەبارەیەوە هاتنەکایەوە.

بەشێوەیەکی گشتی بۆچوونەکان لەسەر ئەوە کۆک بوون کە پێویستە زیاتر گرنگی بە لایەنی چالاکی بدرێت لە بڕی لایەنی توانست چونکە لە قسەکردندا چەندین بابەت هەن کە ڕستەسازی ناتوانێ چارەسەری بکات وەک دیاردەکانی (بریتی خستن، ئاماژە، کرتاندن، بەستن.. هتد). جگە لەمەش زمان تا نەگاتە ئاستی دەق بە زمان دانانرێت واتە زمان ئەو کاتە دەبێت بە زمان کە لە چوارچێوەی دەق (دواندن)دا دەردەبڕدرێ. وەک ئەوەی هاریس دەڵێ: وشەی پەرتەوازە و ڕستەی پەرش و بڵاو، زمان پێک ناهێنێ بەڵکو زمان لە شێوەی دواندن (Discourse)ی لکاودا دەبێت. جان میشاڵ ئادەم دەڵێ: ڕستە یەکەیەکی بنچینەیی نیە بۆ ئاڵوگۆڕی قسەکردن و دواندن، بەڵکو یەکەی ئاڵ و گۆڕو گەیاندن بریتییە لە دەق.

**چەمک و پێناسەی دەق**: دەق پێکهاتەیەکی زمانیە یان شێوەی ئاخاوتنیە کە بریتیە لە زنجیرەیەک ڕستەی بەدوای یەکدا هاتوو، کە یەکگرتنێک لە نێوانیاندا هەیە وەک وتووێژ، مەنەلۆگ...هتد.

هێلمسلیف: پێی وایە دەق گۆکراوێکە یان نوسراوێکە کورتە یان درێژە، وشەی (بوەستە) لای ئەو دەقە هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ ڕۆمانێک یان داستانێک.

هالیدای پێی وایە هەموو کۆمەڵە ڕستەیەکی بەدوای یەکدا هاتوو، ئەگەر پەیوەندی واتایی و ڕێزمانی لە نێوانیاندا هەبێت ئەوا دەقە، کە پێی وایە دەق دانایەکی واتاییە کە پەیوەندی بە واتاوە هەیە نەک فۆرم.

کویرک : پێی وایە دەق بریتییە لە بەدواییەکدا هاتنی چەند ڕستەک کە پەیوەندیەکی گرنگ کۆیان بکاتەوە، ئەو پەیوەندیەش دەقییە و لە سەرووی یاساکانی ڕێزمانەوەیە، چونکە ڕێزمان لە ڕستەدا دەوەستێ و توانای ئەوەی نییە ئەو یەکانە لێک بداتەوە، کە لە ڕستە گەورەترن.

تێگەیشتن و پەیوەندی کردن لە نێوان ئاخێوەرانی زماندا بەهۆی چەند ڕستەیەکی لێک دابڕاو نایەتە ئاراوە بەڵکو بەهۆی یان لە ڕێگەی گوتەیەکی فراوانتر ئەنجام دەدرێت کە ئەویش بریتییە لە دەق یان دواندن. بەم پێیە ئەگەر بمانەوێت لە ڕەوشی زمانی مرۆڤ بکۆڵینەوە بۆ دەرخستنی پەیڕەو و یاساکانی زمان ئەوا دەبێ چوارچێوەی ڕستە تێبپەڕێنین و بگەینە ئاستی دەق و گرنگی بە دەق بدەین.

**دەق لە ڕووی زاراوەوە**: (نص) لە ڕووی زمانەوانیەوە بریتییە لە (دەرکەوتن و ڕوونی و کامڵ بوون). لە زانستی تەفسیریشدا دەق واتە (تەنیا واتاییێک هەڵدەگرێ، تەئویل و لێکدانەوەی جیاجیای قبوڵ نییە).

سەبارەت بە پێناسەکردنی دەق دەتوانین پێناسەکان پۆلین بکەین بۆ سەر دوو کۆمەڵە پێناسەی سەرەکی:

أ- ئەوانەی زیاتر گرنگیان بە لایەنی رووخسار (فۆڕم) داوە:

- برینکر Brinker: پەیوەندیەکی بەیەکدا هاتووی نیوان ڕستەکانە.

- هاروگ Harweg: پەیوەندیەکی بەدوایەکدا هاتووی ئاسۆییە، کە پەیوەندی ڕستەسازی دیاری دەکات.

- هالیدای: هەموو بەدوای یەکدا هاتووەکی ڕستە دەگرێتەوە، کە پەیوەندیەک بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە.

ب- ئەوانەی زیاتر گرنگیان بە ناوەڕۆک دەدەن:

- ڕۆلان بارت Roland Barther: دەق چنراوێکە لە کۆمەڵێ یەکەی واتادارو خاوەن چەمک پێکهاتووە.

- پۆل ریکۆر Paul Ricoeur: گوتارێکی بەنووسین چەسپێنراوە.

- دیبۆگراند: De Beaugran: هەموو یەکەیەکی قسەیە کە خزمەت بە مەبەستێک دەکات.

لە پوختەی هەموو پێناسەکاندا دەتوانین بڵێین:

دەق بریتییە لە ڕستەیەک یان زنجیرە ڕستەیەکی بەدوای یەکدا هاتوو، کە پەیوەندییەکی واتایی یان ڕێزمانی لە نێوانیاندا هەیە و یەکتری تەواو دەکەن. لە دەقدا چەند توخمێک ڕۆڵیان هەیە وەک (نێرەر، وەرگر، پەیام، شێواز، دەوروبەر، زانیاری هاوبەش، کلتور).

وشەی دەق وەکو زاراوەیەکی زمانەوانی بۆ ئەو پارچە ئاخاوتنانە (گوتن/ نوسین) بەکاردێت کە پارچەیەکی یەکگرتووی پێک هێنابێت بەبێ ئەوەی درێژی و کورتیەکەی بەبەرچاوەوە بگیرێ. هەموو ئاخێوەرێکی زمان بەشێوەیەکی نائاگای پەی بە دەق دەبات.

ناساندنی باش بۆ دەق ئەوەیە کە دەق دانەیەکی سیمانتیکیە، پەیوەندی بە فۆڕمەوە نییە بەڵکو پەیوەندی بە واتاکەوە هەیە، دەکرێ دەق نووسراو یان نەنووسراو بێت، پەخشان بێ یان شیعر، گفتوگۆ بێت یان مۆنۆلۆگ.

**شیکردنەوەی دەق (دەقناسی)**: مەبەست لە شیکردنەوەی دەق بریتییە لە لێکدانەوەی پەیامی نێرەر یان نووسەر بەپێی خواستی شیکەرەوەکە دەق دەکرێ لەڕووی زمانەوانی، کۆمەڵناسی، فەلسەفی، ڕامیاری... هتد شیبکرێتەوە. بۆ ئەم مەبەستەش زانستێک هاتەکایەوە کە پێی دەوترێت زمانەوانی دەق یان دەقناسی.

زمانەوانی بریتییە لە لێکۆڵینەوەی زمان بەشێوەیەکی زانستی، زمانەوانیش بەگشتی زاراوەیەکی فراوانە بۆیە لێکۆلەران دابەشی دەکەن بۆ دوو جۆری سەرەکی، بەپێی سروشتی بابەتی دەقناسی:

أ- **زمانەوانی نادەقی**: هەموو ئەو لێکۆڵینەوانە دەگرێتەوە کە دەربارەی زمان ئەنجام دەدرێن هەر لە ئاستەکانی دەنگەوە بگرە تا دەگاتە دەق بەڵام لە دەق دەوەستێت، گەلێک ڕێبازو ڕێچکە و تیۆری هەیە لەوانە زمانەوانی دێرین، زمانەوانی نوێ، ڕێبازی بەراوردکاری، ڕێبازی ڕۆنانکاری، ڕێبازی بەرهەم هێنان و گوێزانەوە... هتد.

ب- **زمانەوانی دەقی**: ئەمەیان زمانەوانی پاش ڕستە دەگرێتەوە، گرنگی بەهێما زمانی و نازمانیەکان دەدات، لێکۆڵینەوەکان دەبەستێتەوە بە دەوروبەرەوە واتە پەیوەندی پتەوی هەیە بە دەوروبەرو ڕەهەندە دەروونی و کۆمەڵایەتیەکانی زمان. زمانەوانی دەقی تایبەتە بە لێکۆڵینەوە لە دەق لە هەموو ڕوویێکەوە، لە ڕووی ناوەڕۆک و تۆکمەیی و پتەوی و گەیاندن و هاتنەکایەی تێگەیشتن و ... هتد. هەندێک جاریش پشت بە بواری پراگماتیک دەبەستێت لە لێکۆڵینەوەکاندا.

**کورتەیەکی مێژوویی سەبارەت بە لێکۆڵینەوەی لە دەق:**

ئەم زانستەش وەک زۆربەی لقەکانی تری زانست لە سەرەتادا تێکەڵ بە زانستەکانی تر کرابوو، یەکەم کەس کە سنووری ڕستەی بەزاندو پەڕییەوە بۆ دەق (زلیج هاریس)بوو، کە زمانی بە بارە کۆمەڵایەتییەکان بەستەوە و بەرەو دەق و گوتار ڕۆیشت و کردوونی بە بابەتی لێکۆڵینەوە و شیکردنەوە. هاریس لە ساڵی (١٩٥٢) لەم بارەیەوە دوو لێکۆڵینەوەی پێشکەش کرد، کە تیایدا بیروبۆچوونەکانی خۆی دەربارەی دەق و شیکردنەوەی دەق خستەڕوو.

- لە ساڵی (١٩٧٢) ڤان دایک لێکۆڵینەوەیەکی پێشکەش کرد بەناوی (چەند پێشبینییەکی ڕێزمانی دەق) کە تیایدا داوای کرد گرنگی بە بابەتی دەق و شیکردنەوەی دەق بدرێت چونکە ئەو پێی وابوو دەق گەورەترین یەکەی زمانە.

- لە ساڵی (١٩٧٢) هالیدای و ڕوقیە حەسەن، کتێبێکیان نوسی بەناونیشانی (لکان لە زمانی ئینگلیزیدا) کە تیایدا لکانی ڕێزمانی و واتایی و فەرهەنگی (دەق/ دوان)یان دەستنیشانکرد و ئەمانەیان کرد بە پێوەر بۆ دەق.

- لە ساڵی (١٩٧٧) ڤان دایک جارێکی تر هاتەوە سەر بابەتەکە و کتێبێکی تری نووسی بەناوی (دەق و دەوروبەر) کە تیایدا باسی لایەنی واتایی و پراگماتیکی دەقی کرد.

- لە ساڵی (١٩٨٠) ڕۆبەرت دیبۆگراند، کتێبێکی بڵاوکردەوە بەناوی (دەق و گوتار).

لە ساڵی (١٩٨٣) براون یۆڵ کتێبێکیان نووسی بەناونیشانی (شیکردنەوەی گوتار) کە لەم کتێبەدا ئەرکی زمانیان بۆ دوو ئەرکی سەرەکی دەستنیشان کرد کە ئەوانیش بریتیی بوون لە ئەرکی پەیوەندی کردن و گواستنەوەی زانیاری.

**تیۆرەکانی دەق:** لێکۆڵینەوە لە دەق و دەقسازی لە سەرەتادا لە زۆر ڕوانگەی جیاوازەوە بایەخی پێدراوە، ئەم بابەتە لە کۆنەوە جێگای بایەخی رەوانبێژ و شێوازناس و ڕەخنەگران بووە، بەڵام ئەمانە لە ڕوانگەی زمانەوە لە دەقیان نەکۆڵیوەتەوە، بەڵکو لە ڕوانگەی ئەدەبەوە سەیری بابەتەکەیان کردووە، تەنانەت ئەگەر بایەخیان بە زمانی

دەقەکەش دابێت دیسان هەر لە ڕوانگەی ئەدەبەوە بووە، بۆ نموونە: شێوازناس یان ڕەوانبێژ لای گرنگ نەبووە جێناوێکی لکاو یان ئامرازێکی ناسیاوی ئاماژە بۆ کام کەرستەی پێش خۆی دەکات، کە ئەمە مەبەستی زمانەوانە لە شیکردنەوەی دەقدا.

بۆیە لێکۆڵینەوە لە دەق لە ڕوانگەی زمانەوانییەوە جیاوازی هەیە، هەر لەناو زمانەوانەکان خۆیاندا لە چەند ڕوانگەی جیاوازەوە لە دەقیان کۆڵیوەتەوە. بۆیە چەندین تیۆرو بۆچوونی جیاواز سەریان هەڵداوە. لەوانە:

**یەکەم/ بۆچوونی زمانەوانی وەسفی:** دەتوانین بۆچوونی هەردوو لێکۆڵەر (هالیدای و ڕوقیە حەسەن) بکەین بە بنەمای ئەم تیۆرە. کە لە کتێبەکەیاندا بەناوی (لکان لە ئینگلیزیدا) لە ساڵی (١٩٧٦)بڵاویان کردەوە.

ئەم دوو لێکۆڵەرە گرنگی بە چۆنییەتی بەیەکەوە لکانی دەق دەدەن. بەشێوەی ورد بە دوای ئەو تایبەتمەندیانەدا دەگەڕێن کە لە دەقدا هەیە، بەدوای ئەو هۆکارانەدا دەگەڕێن کە دەبنە هۆی ئەوەی پارچە نووسینێک یان گوتنێک بە دەق دابنرێت.

**بەگشتی دوو ئامانجی سەرەکی لە لێکۆڵینەوەکەیاندا بەدی دەکرێت:**

١- دەستنیشانکردنی هەموو ئامراز و هۆکارەکانی لکاندنە لەنێوان بەش و پارچەکانی دەقدا.

٢- جیاکردنەوەی (دەق) و (نادەق) لە یەکتری، واتە چ کاتێک پارچە نووسینێک یان ئاخاوتنێک بەدەق دادەنرێت و چ کاتێکیش بە نادەق.

ئەم دوو ئامانجە پەیوەستن بەیەکەوە، بە ئەنجام گەیشتنی یەکەمیان، جەختکردنەوەیە لەسەر دووەمیان، بە واتایەکی تر هەر کاتێک لە نووسینێکدا لکان بوونی هەبوو پارچە و بەشەکانی نووسینەکە بەشێوەیەکی تۆکمە و توندوتۆڵ بەیەکەوە بەسترابوونەوە ئەوە دەق دروست دەبێت، بە پێچەوانەوە کۆمەڵێک ڕستەی پەرتەوازە و لەیەک دابڕاو نادەق دەهێننە ئاراوە .

بەکورتی (لکاندن) لای هالیدەی و ڕوقیە حەسەن تاکە مەرجی سەرەکییە بۆ ئەوەی پارچەیەک بەدەق حساب بکرێت. واتە ئەگەر لکان لە نێوان پارچە و بەشەکانی دەقەکەدا هەبوو ئەوا دەقە، بەپێچەوانەوە نادەقە.

ئینجا کۆمەڵێک تایبەتمەندی دەستنیشانکردووە کە تیایدا جۆرەکانی لکاندن و شێوازەکانی دیاریکردووە وەک: (لکانی ڕێزمانی و واتایی و فەرهەنگی). ئینجا لە لکانی ڕێزمانیدا (ئاماژە و بەستن و کرتاندن و بریتی خستن)ی دەسنیشان کردووە، لە دواییدا بە تێروتەسەلی باسی لێوە دەکەین.

**دووەم/ بۆچوونی ڤاندایک** : ڤاندایک لە ساڵی (١٩٧٢) دا هێڵە گشتییەکانی بۆچوونەکەی خۆی خستەڕوو، دواتر لە ساڵی (١٩٧٧) لە کتێبێک بەناوی (دەق و گوتار)دا هەوڵیداوە تیۆری لێکۆڵینەوەی (دوان)بەشێوەیەکی روون و گونجاو دابمەرزێنێ و هەندێک دیاردەی دوان لێک بداتەوە کە ڕێزمان توانای لێکدانەوەیانی نەبوو. کە ئەمانیش بریتیی بوون لە:

- بابەتی دواندن (Topic of Discourse).
- بەندکردنی دواندن (Coherence).
- ڕۆنانی گشتی (Macro Structure).

ڤان دایک لێکۆڵینەوەی لە هەردوو ئاستی سیمانتیک و پراگماتیک ئەنجام داوە، بەندکردن لای ڤان دایک بەچەند شێوەیەک دەبێت، وەک:

١- **بەستنەوە:** زاراوەی بەستنەوە بۆ پەیوەندی تایبەتی نێوان ڕستەکانی دەق بەکاردەهێنێت. ڕستەکان پێکهاتەیەکی ڕۆنانین و بەستنەوەش پەیوەندییەکی واتاییە. بۆ ڕوونکردنەوە سەیری ئەم نموونەیە بکە:

(١)

***أ_ جۆن ڕەبەنە، کەواتە ژنی نییە.***

***ب_ جۆن ڕەبەنە، بۆیە زۆر سەیری تەلەفزیۆن دەکات.***

***ج_ جۆن ڕەبەنە بۆیە ئەمستردام پایتەختی هۆڵەندایە.***

(٢)

***أ- لەبەر ئەوەی ماری خۆی زۆر ماندوو نەکردبوو، لە وانەکان کەوت.***

***ب- لەبەر ئەوەی ماری خۆی زۆر ماندوو نەکردبوو، ماری کوڵمی ماچ کرد.***

***ج_ لەبەر ئەوەی ماری خۆی زۆر ماندوو نەکردبوو، مانگ بەدەوری زەویدا دەسوڕێتەوە.***

***(٣)***

***أ- ئەمستردام پایتەختی هۆڵەندایە، هەشت سەد هەزار کەسی تێدا دەژی.***

***ب- ئەمستردام پایتەختی هۆڵەندایە، تۆ ئەمستردامت پێ خۆشە.***

***ج_ ئەمستردام پایتەختی هۆڵەندایە، بەو هۆیەوە ڕادەگەیەنم کۆبوونەوەکە کراوەیە.***

لەم نموونانەی سەرەوە ڕستەکانی (أ) پەسەندن، (ب) کەمتر پەسەندن، (ج) پەسەند نین.

دایک دەپرسێ: بۆچی ئەم ڕستانە پەسەندنین، لەگەڵ ئەوەی لەڕووی ڕێزمانیشەوە تەواون. دەبێ ئەو ڕاستییە بزانین کە هەموو کات ئامرازەکانی بەستن ناتوانن بەستنەوە ئەنجام بدەن لە نێوان بەشەکانی دەقدا، چونکە بەستنەوە ناوەستێتە سەر ئامرازەکانی بەستنەوە، تەنانەت لە هەندێک لە نموونەکاندا ئامرازی بەستنەوە بوونی نییە، کەچی کرداری بەستنەوە ئەنجام دراوە، وەک:

***- ئەمستردام پایتەختی هۆڵەندایە، هەشت سەد هەزار کەسی تێدا دەژی.***

هەروەها لە هەندێکیاندا ئامرازی بەستنەوەش بوونی هەیە، کەچی کرداری بەستنەوە ئەنجام نەدراوە، وەک:

***- لەبەر ئەوەی هاری خۆی زۆر ماندوو نەکردبوو، مانگ بەدەوری زەویدا دەسوڕێتەوە.***

٢- **بەندکردن**: مەبەست لە بەندکردن بریتییە لەو پەیوەندیانەی کە واتای قسەکردن یان ڕستەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە لەناو دەقدا یان لە ئاخاوتن و قسەکردن دا، ئەمەش دەوەستێتە سەر زانیاری هاوبەشی نێوان نێرەرو وەرگر. وەک:

***أ_ دەتوانی بمگەیەنیتە قوتابخانە.***

***ب_ ببورە دەچمە ماڵی خوشکم.***

هیچ پەیوندییەکی ڕێزمانی یان واتایی لە نێوان ئەم دوو ڕستەیەدا نییە، بەڵام جۆر بەندکردنێک لە نێوانیاندا بەدی دەکرێت، چونکە قسەکەری ڕستەی (أ) و (ب) زانیارییەکی هاوبەش لە نێوانیاندا هەیە ئەویش ئەوەیە کە شوێنی قوتابخانەکەی قسەکەری ڕستەی (أ) لە جێگایەکە ناکەوێتە سەر ڕێگای ماڵی خوشکی قسەکەری ڕستەی (ب) و ئاراستەکەیان پێچەوانەیە، ئەم پەیوەندییەش بە بەندکردن دادەنرێت.

**٣- ڕیزبەندی قسەکردن**: ڤان دایک باس لە شێوەیەکی تری بەندکردنی دوان دەکات کە بریتییە لە ڕیزبوونی ئاسایی ڕستەکان، کە لەسەر بنچینەی زانیاریمان بۆ جیهانی دەوروبەر دروست دەبێت. وەک:

***- لەبەر ئەوەی لە محازەرەکەی دواکەوتبوو بەپەلە چووە ژوورەوە و لە سەیارەکەی دابەزی و لەسەر کورسییەکەی خۆی لە تەنیشت هاوڕێکەی دانیشت و ڕوخسەتی لە مامۆستا وەرگرت.***

ئەمەی سەرەوە بەندکردنی تێدا نییە چونکە ڕیزبەندی ڕستەکان و ڕیزکردنیان بەپێی زانیاریمان بۆ دەوروبەر گونجاو نییە، چونکە دەبێ لە سەرەتادا لە سەیارەکەی داببەزێ، ئینجا ڕوخسەت لە مامۆستا وەربگرێت دوایی بچێتە ژوورەوە و لەسەر کورسییەکەی دابنیشێ.

- **سێیەم: بۆچوونی (براون و یۆڵ)**: هەردوو لێکۆڵەر (براون و یۆڵ) بە دامەزرێنەری ئەم تیۆرە یان ئەم بۆچوونە دادەنرێت. ئەمان لە گۆشەنیگای وەرگرەوە سەیری (دوان/دەق) دەکەن، پێیان وایە پرۆسەی دوان بەهاوبەشی لە نێوان (نێرەرو وەرگر) ئەنجام دەدرێت و ئەمانە دەبن بە بنەما بۆ دروستبوونی کردەی دوان، کە بەبێ بوونی ئەو بنەمایانە پرۆسەکە دروست نابێت، بۆ ئەم مەبەستەش قسەکردن دەبێ لە چوارچێوەیەکدا بێت کە (کات و شوێن و هاوبەشەکان) ڕۆڵیان تێدا هەبێە.

براون و یۆڵ پێیان وایە جیاوازی هەیە لەنێوان زمانەوانێک و شیکەرەوەیەک سەبارەت بە تێڕوانینیان بۆ بابەتەکە. زمانەوان هەڵسوکەوت لەگەڵ زمان دەکات وەکو بەرهەم، شیکاریش زیاتر شیکردنەوەکەی بەلاوە مەبەستە.هەردووکیان یەک کەرستەی خاویان لەبەر دەست دایە کە ئەویش (زمان)ـە.

زمانەوان کەرستەکان کۆدەکاتەوە و هەوڵ دەدات کۆمەڵە یاسایەکی گشتی بۆ ڕستەکان بدۆزێتەوە، بەهۆی یاساکان هەموو ڕستە ڕێزمانییەکان لێک بداتەوە، ئەو بەدوای ئەو چوارچێوە فیزیایی و کۆمەڵایەتیەدا ناگەڕێت کە ڕستەکان و دوانەکەی تێدا بەرهەم هاتووە.

کەچی شیکەرەوەی وتار بەدوای ئەم یاسایانەدا ناگەڕێت کە لە ڕووی ڕێزمانەوە پێویستە بوونیان هەبێت بۆ ئەوەی دەقێکی پێ ببێتە دەقی لکاو. ئەو وای نابینێ، شیکەرەوەی دەق پێی وایە کە پرۆسەی لکاندن لەنێوان بەش و پارچەکانی دەقدا شتێک نییە لەناو دەقەکەدا هەبێت و پێویست بکات بەدوایدا بگەڕێین و بیدۆزینەوە ئەوان پێیان وایە کردەی لکان شتێکە دروست دەکرێت لەلایەن وەرگرەوە. دەڵێن

دەقێک نییە لەخودی خۆیدا لکاو بێت یاخود دەقێک لەخودی خۆیدا نەلکاو بێت، بەڵکو وەرگر بڕیار لەسەر ئەوە دەدات کە ئایا ئەو دەقە لکاوە و ئەویتریان نەلکاو. بەم پێیە خاڵی تێگەیشتن دەبێتە تەوەری سەرەکی بۆ بڕیاردان لەسەر دەقایەتی نووسینێک نەک خاڵی لکان.

بە بۆچونی ئەم دوو لێکۆڵەرە ، گونجانی دەق دەوەسێتە سەر وەرگر، کە ئایا توانیویەتی لێی تێ بگات یان نا. بۆ ئەمەش چەند نموونەیەک دەهێننەوە کە ئامرازەکانی بەستن و کەرستەکانی لکانیان تێدا نییە، کەچی گوێگر دەتوانێت لێی تێبگات، هەرچەندە دەقەکە لەڕووی فۆرمەوە شێواوە، کەچی لەڕووی ناوەڕۆکەوە گونجاوە بۆ تێگەیشتن. بۆ نموونە سەیری ئەم ئاگادرییە بکە:

***- بنکەی تەندروستی شەهیدان / کوتانی کەسانی سەرووی ٥٠ ساڵ / ژەمی دووەم/ ڕۆژی سێ شەممە ، ٢٠٢١/١٠/٢٥ ، هەولێر.***

ئەم دەقەی سەروە بەبۆچوونی وەسفیەکان هیچ ئامرازێکی لکاندن و بەستنەوە و .... هتد تێدا نییە، بەڵام وەرگری ئەم دەقە ئەگەر کەسێکی پەیوەندار بێت بە بابەتەکە ئەوا بەباشی لێی تێدەگات. واتە دەقەکە گونجاوە.

کەواتە ئەم دەقە بەپێی بۆچوونی وەصفی گونجاو نییە، چونکە ئامرازەکانی لکانی تێدا نییە، وە بەپێی بۆچوونی براون و یۆڵ – یش گونجاوە چونکە وەرگر لێی تێ دەگات.

لە کۆتاییدا دەکرێت بنەماکانی بۆچوونی (براون و یۆڵ) لە دوو خاڵدا کۆبکەینەوە:

١- دەق لە خودی خۆیدا تایبەتمەندی گونجانی هەڵنەگرتووە، بەڵکو وەرگر ئەو گونجانەی دەداتە پاڵ.

٢- هەر دەقێک بشێ بۆ تێگەیشتن و لێکدانەوە، ئەوا دەقێکی گونجاوە، پێچەوانەکەشی ڕاستە.

**دەق و نادەق:** بوونی پارچە نووسینێک یان قسەیەک بە دەق یان بە نادەق، دەوەستێتەسەر تیۆری و بۆچوونەکان، بە واتایەکی تر دەبێ بەپێی تیۆرەکان (بۆچوونەکان)، بڕیار لەسەر ئەوە بدەین کە ئەم پارچەیە دەقە یان نادەق، کەواتە دەشێ پارچە نووسینێک بەگوێرەی تیۆرییەک دەق بێت، کەچی لە هەمان کاتدا بەگوێرەی تیۆرێکی تر نادەق بێت.

بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا دەتوانین چەند بنەمایەکی گشتی و سەرەکی دەست نیشان بکەین بۆ دەق، واتە هەر نووسینێک ئەم بنەمایانەی تێدابوو ئەوا دەقە، ئەگەرنا دەبێت بە نادەق:

١- هەر نووسین و دەربڕاوێک ئەگەر بەش و پارچەکانی بەهۆی پەیوەندییەکی واتایی و ڕێزمانییەوە بەیەکەوە گرێدرابن، ئەوا دەقە، پێچەوانەی ئەمەش دەبێت بە نادەق. بۆ نموونە:

***- کاتێک کە چووم بۆ هۆڵی سمینارەکە هاوڕێیانی خۆمان هەموویان چاوەڕوانی منیان دەکرد. منیش داوای لێبووردنم لێتان کردوو پێمگوتن بم بوورن کە دواکەوتم و ئێوەی لە چاوەڕوانیدا هێشتەوە.***

لەم دەقەی سەرەەدا لکانی ڕێزمانی نییە و ئاماژەکان بە هەڵە بەکارهاتوون و وتاکەی تێکداوە و لێڵی کردووە .

٢- هەر نووسینێک یان دەربڕاوێک بشێ بۆ شیکردنەوە و تێگەیشتن ئەوا دەقە، پێچەوانەکەشی بە نادەق دادەنرێت، واتە ئەگەر وەرگر بە ئاسانی و بێ گرفت توانی لێی تێبگات و شیبکاتەوە و واتاکەی لێک بداتەوە ئەوا دەقێکی گونجاو و لەبارە بەڵام ئەگەر گوێگر نەیتوانی ئەمەی لێ هەڵ بهێنجێت ئەوا نادەقە.

***سەرەڕای تەم و سەگ وەڕ، ماندوو بووین، چیرۆکەکانی هەموو دیمەنێکی ئەو ترسەی شلەقاند، شت ئاشکرا نەبوو.***

لەم دەقەدا گوێگر بەبێ گرفت لێی تێناگات واتە ناشێ بۆ تێگەیشتن و شیکردنەوە بۆیە دەقێکی گونجاو نییە .

٣- پێویستە بابەت و ناوەڕۆکی دەق گونجاو بێت و یەکێتی بابەت لە دەقدا هەبێ نەوەک پارچە و بیرۆکەکان پچڕ پچڕ بن و هەر یەکەو باس لە بابەتێک بکەن، بەڵکو دەبێ باس لە بابەتێکی دیاریکراو بکات و بابەتی هاودژ نەبن باشترە.

***- کاتێک کە چووم بۆ فەرمانگەکە، هەولێر شارێکی گەورەیە و، شیعر نووسین ئێستا بۆتە قەشمەریاتی فەیسبووک ، هەمووومان دەچینەوە بەر بارەگای خودا، ئەگەر باران ببارێت کانیاوەکان دەژێنەوە.***

ئەم دەقەی سەرەوە یەکێتی بابەتی تێدا نییە ، هەر بەشەو باسی شتێک دەکات ، بۆیە نەگونجاوە و بە نادەق دادەنرێت .

٤- دەق دەبێ دابەش بێت بۆ چەند بەشێک، ناونیشانی هەبێت و لەگەڵ سەرەتا و ناوەڕۆک و کۆتایی و ئەنجام.

٥- دەبێ دەقی ئاراستەکرا و مەبەستێکی لە پشتەوە بێت، واتە مەبەستداری مەرجێکی گرنگی دەقە.

٦- هەر نووسینێک یان دەربڕاوێک ئەرکێک لەخۆ بگرێت و ئامانجێکی هەبێت و واتا ببەخشێت ئەوا بە دەق دادەنرێت، بە پێچەوانەوە نادەقە.

٧- لە دەقدا پێویستە دوروبەرو کەلتوور و بەشداربووان و چوارچێوەی هەڵوێست فەرامۆش نەکرێت. هەندێکجار نەبوونی پەیوەندی لە نێوان ئەمانەدا نادەقی دروست دەکات.

**جۆرەکانی دەق** : لێکۆڵەرانی بواری دەقسازی بەپێی ناوەڕۆک و پەیامی دەقەکان، دەقیان کردووە بە چەند جۆرێک، هەندێک جاریش تێکەڵییەک لە نێوان ئەم جۆرانەدا دێتە ئاراوە. جۆرەکان بریتین لە:

١- **دەقی گێڕانەوە** : ئەم جۆرە باس لە ڕوودا و گێڕانەوە دەکات، چ خەیاڵی یان واقعی بێت، وەک: چیرۆک و ڕۆمان و یاداشت و ژیاننامە و ... هتد.

٢- **دەقی وەسفی** : شتە وەسفکراوەکان دەگوازێتەوە و دەیانخاتەڕوو لە نابەرجەستەوە دەیانکات بە بەرجەستە لە ڕێگەی وەسفکردنی دیمەنی سروشتی یان وەسفی کەسی و جوڵانەوە، ئەم جۆرە دەقە لە ڕێگەی دەربڕین و ڕوونکردنەوە و هەواڵدان و لاسایی کردنەوە دەنەخشێنرێت. لەم جۆرەی دەقدا جەخت لەسەر شوێن و باری شتەکان و کات و شوێنیان دەکرێت.

٣- **دەقی لێکدانەوە** : ئامانجی ئەم جۆرە ڕوونکردنەوەیە بۆ خوێنەر، بیرۆکەیەک یان دیاردەیەک بۆ وەرگر شیدەکاتەوە. وەک: دەقی پەرتووکی قوتابخانەکان و نووسراوە زانستییە پسپۆڕییەکان. زیاتر جەخت لەسەر نموونە هێنانەوە و پێناسە... هتد دەکاتەوە.

٤- **دەقی سەلماندن** : لەم جۆرەدا بەهۆی بەڵگە و سەلماندنەوە هەوڵ دەدرێت خوێنەر ڕازی بکرێت و قەناعەتی پێ بهێنرێت. ئەم جۆرە جەخت لەسەر پەیوەندی لۆجیکی و زۆر شێوازی سەلماندن و بەڵگەکان دەکرێتەوە.

٥- **دەقی گفتوگۆ**: هەوڵ دەدات بابەتێک یان کێشەیەک لە ڕێگای گفتوگۆوە بخاتەڕوو. جەخت لەسەر پرسیارو وەڵام و کورتبڕی و جۆراوجۆری شێواز دەکاتەوە.

٦- **دەقی ڕاگەیاندن**: هەواڵێک ڕادەگەیەنێت و کات و شوێنی ڕووداو و دەستنیشان دەکات، جەخت لەسەر گێڕانەوە و ڕاستگۆیی و وەسفکردن و بابەتی بوون دەکاتەوە.

٧- **دەقی راپۆرتی** : گێڕانەوەیەکی بابەتی و راپۆرتی بۆ رووداوێکی واقعی دەکات، جەخت لەسەر وردی و ڕاستی و بابەتی و ڕوونی دەکاتەوە. وەک ڕاپۆرت دەربارەی کۆبوونەوەکان.

**شیکردنەوەی دەق** : شیکردنەوە (Analysis) بریتییە لە پرۆسەی هەڵوەشاندنەوەی دەق بۆ سەر ئەو بەش و پارچانەی کە دەقەکە پێک دەهێنن، هەروەها لێک جیاکردنەوە و دەست نیشانکردن و لێکدانەوەی پێکهاتە و پێویستییەکانی زانستێک یان دیاردەیەک یاخود بابەتێکی دیاریکراو، چەمکی شیکردنەوە چەمکێکی گشتییە و لە بوارە جیاجیاکاندا پەیڕەو دەکرێت و لە هەر بوارێکدا شێوازی تایبەتی خۆی هەیە، چونکە وەکو گوتمان شیکردنەوە بریتییە لە هەڵوەشاندنەوەی شتێک یان کەرستەیەک یان بەرهەمێک... هتد بۆ بەشە پێکهێنەرەکانی یاخود شیکردنەوە و لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنە بەجۆرێک لێک بدرێتەوە و ئەنجام بدرێت، بەشێوەیەکی گشتی شیکردنەوەی دەق ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

١- ناونیشانی دەق .

٢- پەیوەندی نێوان بەش و پارچەکانی دەق (لکانی دەنگی و فەرهەنگی و ڕێزمانی و واتایی و پراگماتیکی).

٣- پەیوەندی دەقەکە بەدەوروبەرو کۆمەڵ و کەلتوورەکان و شوێن و هەروەها پەیوەندی نێوان هاوبەشەکان بەیەکترەوەو پەیوەندیان بەدەقەکەوە.

٤- شیکردنەوەی دەقیش بەپێی ئەو تیۆرەی شیکەرەوەکە پەیڕەوی دەکات دەگۆڕێت، بۆ نموونە شیکردنەوە لە ڕوانگەی هالیدای جیاوازە لە شیکردنەوەی لە ڕوانگەی ڤان دایک، یان براون و یۆڵ... هتد. هەروەها سروشت و ناوەڕۆکی دەقەکەش کاریگەری هەیە لەسەر شیکردنەوەی دەقەکە و هەر جۆرێک لە دەق، شێوازو ڕێوشوێنی تایبەت بەخۆی هەیە بۆ شیکردنەوە. بۆ نموونە شیکردنەوەی دەقێکی قورئانی جیاوازە لە

شیکردنەوەی دەقێکی فەلسەفی یان هەواڵێک یان گفتوگۆی نامەیەکی ئەکادیمی یاخود پارچە هۆنراوەیەک.. هتد.

- **درێژی دەق** : ناتوانین درێژی و کورتی دەق دەسنیشان بکەین. درێژی دەق دیاریکراو نییە چونکە دەق دانەیەکی ڕێزمانی نییە و بریتیی نییە لە کۆمەڵە ڕستەیەکی بەدوای یەکتردا هاتوو، دەق نەبەستراوەتەوە بە ژمارەی ڕستە، واتە چەندێتی ژمارەی ڕستەکان بۆ دەق گرنگ نییە، دەشێ دەق نووسراو یان نەنووسراو بێت، پەخشان یان هۆنراوە بێت، گفتوگۆ (مۆنۆلۆگ) لەگەڵ خۆ دوان بێت. زۆربەی دەقە باوەکان لە یەک ڕستە کەمتر پێکهاتوون. وەک: (ئاگاداری، ناونیشان، لافیتە، دروشم، پەندی پێشینان و قسەی نەستەق، ڕێکلام... هتد).

دەق زۆرجار لە گرێیەکی ناوی یان بەند یان کاری پێک دێت. وەک: (بۆ کرێ، بۆ فرۆشتن، نەخۆشخانە، داخراوە).

گەورەترین سنوور نییە بۆ درێژی دەق، کتێبێکی تەواوی دوورودرێژی چەندی بەرگی بە یەک دەق دادەنرێت، هەروەها دەربڕینێکی کورتی وەک (بوەستە) بەیەک دەق دادەنرێت.

- **پێوەرەکانی دەق** : هەر نووسینێک یان دەربڕاوێک بۆ ئەوەی ببێت بە دەق و بەر پێناسەی دەق بکەوێت، پێویستە چەند پێوەرێکی تێدابێت، کە لێکۆڵەرەکان بە پێوەرەکانی بوون بەدەقی دادەنێن. پێوەرەکانیش بریتین لە:

**١- لکانی ڕێزمانی:**

لکان بەگشتی پرۆسەیەکی زمانەوانی دەقیە، تیایدا بەش و پارچەکانی دەق لە ڕووی دەنگ و ڕێزمان و فەرهەنگ و واتاوە بەیەکەوە دەلکێندرێت، ئەم لکاندنەش دەبێتە هۆی دروست بوونی دەقەکە، واتە دەقایەتی دەگەیەنێت. چونکە وەکو گوتمان دەق یەکەیەکی زمانی ڕۆنانیە، کە هەموو پارچە پێکهێنەرەکانی بەهۆی پەیوەندییەکی

دیاریکراوەوە بەیەکەوە بەستراونەتوە یان لێکنراون. لکانیش دەبێت بە چەند جۆرێک وەک: (لکانی ریزمانی، لکانی فەرهەنگی، لکانی واتایی.. هتد).

١- **لکانی ڕێزمانی:** ئەم جۆرەی لکان بریتییە لە پەیوەندی پارچەکانی دەق لەسەر ئاستی ئاسۆیی. پەیوەندی لەسەر ئاستی ئاسۆیی بریتییە لەوەی کە دەق لەم ئاستەدا لە یەکەی بچووک پێک دێت، ئەم یەکە بچووکانەش چەندین پەیوەندی ڕێزمانی لە نێوانیاندا هەیە، کە ئەم پەیوەندیانە بوونەتە هۆی بەیەکەوە گرێدانی ئەم پارچە بچووکانە و دروست بوونی پارچەیەکی یەکگرتوو. پەیوەندییەکانیش بریتیین لە (ئاماژە، بەستن، کرتاندن.. هتد).

**أ_ ئاماژە** (Reference): وەک لە پێشەوە گوتمان پێویستە لە دەقدا کۆمەڵێک پەیوەندی لە نێوان پارچەکانی دەقەکەدا بوونی هەبێت، ئەم پەیوەندیانەش بەهۆی کۆمەڵێک نیشاندەری پراگماتیک دروست دەبن کە لە دەقەکەدا خۆیان دەنوێنن، کەم جاریش وا ڕێک دەکەوێت کە دەق ئەم نیشاندەرانەی تێدا نەبێت.

بۆ پێناسەکردنی (ئاماژە) ڕافایڵ زیاتر لە ڕوانگەی واتاوە سەیری دەکات و بەپتەوی دەقەوە دەیبەستێتەوە و دەڵێت: ئەو وشانەن کە دەبێت بە یارمەتی دەوروبەرەکەیان بڕیار لەسەر واتایان بدەین. بەم هۆیەوە لە کردەی لکاندن و پتەوی دەقدا گرنگی خۆیان دەبێت. وەک ***(ئەوەی بەسەر کورددا هاتووە لە مێژوودا بێ وێنە بووە).***

جێناوی نیشانەی (ئەوە) بەهۆی دەوروبەرەوە واتاکەی ڕوون دەبێتەوە کە بریتییە لەو کارەسات و نەهامەتیانەی بەسەر کوردا هاتوون.

ئاماژە بۆ سەر چەند بەش و پۆلێک دابەش دەکرێت. وەک ئەم خشتەیەی خوارەوە:


ئاماژە
دەرە ئاماژە
دەقە ئاماژە
جوڵەیی
هێمایی
چاولەپێش
Anaphora
دەقە ئاماژەی پێشەوە
چاولەدوا
Cataphora
دەقە ئاماژەی دواوە

**بەگشتی ئاماژە دەبێت بە دوو بەشی سەرەکی:**

١- **دەرە ئاماژە** (Exophoric): هەموو ئەو وشە و کەرەستانە دەگرێتەوە کە ئاماژە بۆ کەرستەیەک یان کەسێک یان شتێک دەکەن کە لە دەرەوەی دەقەکە یان لە دەرەوەی زماندا.

لە ئاماژەدا دوو کەرستە بەرچاو دەکەون یەکێکیان پێی دەگوترێت کەرستەی ئاماژە، ئەوەی تریان پێی دەوترێت کەرستەی ئاماژە بۆ کراو. بۆ نموونە:

***- ئاسکەکەم بینی ئاوی دەخواردەوە.***

وشەی (ئاسک) کەرستەی ئاماژەیە، ئاماژە بە شتێک دەکات لە دەرەوەی دەقەکە و زماندایە کە ئەویش خودی (ئاسکە)کەیە و دەبێتە کەرستەی ئاماژە بۆکراو.

دەرە ئاماژەش دەبێت بە دوو جۆر:

أ_ **دەرە ئاماژەی جوڵەیی** : لەم جۆرەدا قسەکەر لەکاتی ئاخاوتندا پێویستی بە جوڵاندنی ئەندامەکانی لەشی دەبێت بۆ ئاماژەکردن بەو شتەی کە مەبەستییەتی. وەک:

***ئەم چاوەم باش نابینێت.***

لەم دەقەی سەرەوەدا ئەگەر نێرەر بەدەست یان بەهەر شێوەیەک ئاماژە بۆ ئەو چاوە نەکات کە مەبەستییەتی، ئەوا دەقەکە لەگەڵ دەوروبەر جوت نابێت و نابێتە دەقێکی گونجاو.

ب_ **دەرە ئاماژەی هێمایی** (**ناجوڵەیی**): لەم جۆرەدا پێویست بە جوڵاندنی ئەندامانی جەستە ناکات، بەڵکو پێویستی بە زانینی کات و شوێنی ڕووداوەکە هەیە، تاوەکو نیشانەکانی ئاماژە لەگەڵ دەوروبەردا جوت بن. وەک:

***- تۆ کەی هەست بەوە دەکەیت کە لە بڕیارداندا پەلە دەکەی.***

لەم دەقەی سەرەوە وشەی (تۆ) کەرستەی ئاماژەیە و ئاماژە بۆ کەسێک دەکات کە لە بەرامبەر قسەکەر وەستاوە و پێویستی بەوە نییە کە قسەکەر پەنجەی بۆ ڕابکێشێت. نموونەیەکی تر:

***شەقلاوە یەکێکە لە شارە هەرە ڕەنگین و ڕازاوەکانی کوردستان، لە ساڵی ( ١٩٥٩)دا یەکەمین کۆنفرانسی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان لەم شارەدا بەستراوە. لەم کۆنفرانسەدا (د.سەفا ئەلحافز) کە نەقیبی سەندیکای مامۆستایانی عێراق بوو بەشداری کردووە ، لە وتاریکیدا بۆ کردنەوەی کۆنگرەکە دەڵێت : ( ئومێدەوارین ڕۆژێک بێت زانکۆی کوردستان لە شەقڵاوەدا دابمەزرێت ) .***

لەم دەقەی سەرەوەدا (لەم شارە) ئاماژەیە بۆ شاری شەقڵاوە کە پێویستی بە ئاماژەی جوڵەیی یان جوڵاندنی ئەندامانی جەستە نییە.

دەبێ تێبینی ئەوە بکەین کە هەندێک کەرستە خۆیان چەمکی ئاماژەییان تێدایە، بەڵام لە هەندێک دەربڕیندا ئەم چەمکەی ئاماژە ناگەیەنن، بۆیە بە ئاماژە دانانرێت. وەک:

***ئەمڕۆ کەوتوینەتە ڕۆژگارێکی وا، کە بەدەگمەن شتە ڕاست و ناڕاستەکانمان بۆ جیا دەکرێتەوە.***

لەم دەقەدا مەبەست لە (ئەمڕۆ) ئەو ڕۆژە نییە کە قسەی تێدا دەکەین، واتە مەبەستمان ڕۆژێکی تایبەت نییە، شەممە، یان یەکشەممە... هتد، بەڵکو مەبەستی سەردەمی ئێستایە. بۆیە ئاماژە بە ڕۆژێکی تایبەت ناکات .

٢- **دەقە ئاماژە** : هەموو ئەو کەرستە زمانیانە دەگرێتەوە کە ئاماژە بۆ شتێک دەکەن لەناو دەقەکە. لەناو دەقدا کەرستەیەک لە پێشەوە یان لە دواوە هاتووە بەهۆی کەرستەیەکی تر جارێکی تر ئاماژەی بۆ دەکرێتەوە، ئەمەش بەیەکێک لە هۆکارە گرنگەکانی لکانی بەش و پارچەکانی دەق دادەنرێت. وەک:

***پەشێو شاعیرێکی ناسراوی کوردە، ئەو بەم شێوەیە باس لە شەڕی براکان دەکات.***

لەم دەقەدا (ئەو) ئاماژەیە بۆ شاعیری ناسراوی کورد عبدالله پەشێو کە لە ناو دەقەکەدا لە پێشەوە ناوی هاتووە. لەم دەقەدا (پەشێو) کەرستەی ئاماژە بۆ کراوە، (ئەو)یش کەرستەی ئاماژەیە.

**دەقە ئاماژەش دەبێت بە دوو جۆری سەرەکی:**

١- **دەقە ئاماژەی پێشەوە (چاو لەپێش)** (Anaphora): ئەم جۆرەی ئاماژە کاتێک دروست دەبێت کە پێشتر کەرستەی ئاماژە بۆ کرا لەلایەن نێرەرەوە بە وەرگر ناسێنراوە، دواتر وا پێویست دەکات جارێکی دیکە تر ناوی بهێنرێتەوە، جا لە جیاتی ئەوەی ناوەکەی دووبارە بکرێتەوە، بە کەرستەیەک ئاماژەی بۆ دەکرێت، کە دەبێتە هۆی پتەوی و لکاندنی بەشەکانی دەق. نموونە بۆ ئاماژەی پێشەوە.

- ***ئازاد هاوڕێی منداڵیم بوو ساڵانێک بوو بەیەکەوە بوین، <u>ئەو</u> زۆر کوردانە بیری دەکردەوە .***

٢- **دەقە ئاماژەی دواوە (چاو لەپاش)** (Cataphor): لەم جۆرەدا ئاماژە بە کەرستەیەک دەکات کە لە دواوەی کەرستەی ئاماژەکەوەیە، واتە جیاوازیان لەگەڵ دەقە ئاماژەی پێشەوە ئەوەیە کە لە بڕی ئاماژە بە کەرستەیەکی بە پێشەوەی خۆی بکات ئاماژە بە کەرستەیەکی دوای خۆی دەکات.

لە دەقە ئاماژەی دواوەدا زۆر دەربڕین بەکاردەهێنرێت وەک: (بریتییە لە، لەم نموونەی خوارەوە...، سەرنجی ئەمانە بدە، سەیری بەشی داهاتوو بکە، لەم خاڵانەی خوارەوە.. هتد). وەک :

***سودەکانی ڕێجیمی کیتۆ لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەخەینەڕوو***

لەم دەقەدا (لەم خاڵانەی خوارەوە) ئاماژە بۆ دوای خۆی دەکات کە کۆمەڵێک خاڵن .

دەبێ سەرنجی ئەوە بدەین کە پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان (ئاماژەی هێمایی) و (دەقە ئاماژەی پێشەوە)دا بەدی دەکرێت. دەکرێ لە ڕستەیەکدا هەردوو جۆری بەکارهێنانی ئاماژە بوونی هەبێ وەک:

- ***ئازاد هاتە ژوورەوە و چراکەی داگیرساند.***

لەم دەقەی سەرەوەدا (ی) دەقە ئاماژەی پێشەوەیە بۆ (ئازاد) دەگەڕێتەوە (ئازاد)یش خۆی دەرە ئاماژەیە، هەردوو ئاماژەکە (ئازاد و ی) بۆ کەسێکی دیاریکراو دەگەڕێنەوە. زۆرجار ئەگەر ئاگادری دەوروبەری قسەکردن نەبین ئەوا تێکەڵاوی لە نێوان دەقە ئاماژە و دەرە ئاماژە دروست دەبێت. بۆ نموونە: ئەمە زۆر بەنرخە.

ئەگەر ئاگاداری بارودۆخ و ڕستەکانی پێش و پاشی ئەم دەقە نەبین، ئەوا وەکو گوتمان تێکەڵاوی دروست دەبێت. ئەگەر ئەمە لە بارێک وا گوترا. وەک:

- ***نیازم وایە ئۆتۆمبێلەکەی ئازاد بکڕم.***
- ***ئەمە زۆر بەنرخە.***

لێرەدا دەبێتە دەقە ئاماژەی پێشەوە چونکە (ئەمە)ئاماژە بە پرۆسەی کڕینی ئۆتۆمێلی ئازاد دەکات.

بەڵام ئەگەر هەمان دەربڕین لەکاتی سەیرکردنی ئۆتۆمبێلێک بگوترێت ئەوکاتە دەبێتە دەرە ئاماژە.

- **ئامرازەکانی ئاماژە:** لە دەقدا ئاماژەکردن بەهۆی چەند کەرستەیەکی زمانیەوە ئەنجام دەدرێت کە بریتین لە (نیشاندەرەکان، جێناوە کەسییەکان، مۆرفیمەکانی بەراورد). لە خوارەوە یەکەیەکە دەیانخەینەڕوو:

**یەکەم/ نیشاندەرەکان:** نیشاندەرەکان بەچەند شێوەیەک پۆلین دەکرێن وەک: بەپێی کات (ئێستا، دوایی، بەیانی، پێرێ... هتد)، بەپێی شوێن (ئێرە، ئەوێ.... هتد) و هەروەها

ئامرازی ناسیاوی و ئامرازەکانی نیشانە دەگرێتەوە. مەبەست لە نیشاندەرەکان (مۆرفیمەکانی ناسیاری و جێناوەکانی ئاماژە و ئاماژەکانی کات و شوێنە). لە خوارەوە باسیان دەکەین.

١- **مۆرفیمی ناسیاری**: لە کوردیدا مۆرفیمی ناسیاری زۆر باسی لێوەکراوە. لەلایەن ڕێزمان نووسە کوردەکان، بەزۆر لە ڕووی ئەرکی سیناکسیەوە ئەم مۆرفیمە لێی کۆکراوەتەوە. بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجی ئێمەیە: ئەویە لە ئەم ئامرازە لەناو دەقدا ئەرکی ئاماژە دەبینێت.

ئەگەر لە چوارچێوەی دەقدا سەیری ئامرازی ناسیاری بکەین، ئەوە دەبێ سەرنجی ئەوە بدەین کە ئەرکەکەی زۆر لەوە گەورەترە کە لە چوارچێوەی ڕستەیەک لێی بکۆڵینەوە و یان ئەرکەکەی لەوە کورت بکەینەوە، کە دەچێتە سەر ناوێک و دەیناسێنی. ئەرکی ئەم ئامرازە لە چوارچێوەی دەقدا پەیوەستە بە ڕستەکانی پێشووترەوە. گوێگر کاتێک ناوێکی نەناسراو دەبیستێت کە ئامرازی (ێک)ی پێوەیە، لەناو مێشکی خۆیدا خەزنی دەکات، دواتر کاتێک ئەو ناوە لە شوێنێکی تردا بەکارهاتەوە، ئامرازی ناسیاری لەگەڵدا دەبێت، ئەمەش بۆ ئەوەیە کە ئامرازە ناسیارییەکە ئاماژە بەو ناوە دەکات کە پێشتر باسکراوە. وەک:

- ***ژنێک و پیاوێک هاتنە دەرەوە. ژنەکە سەبەتەیەکی بەدەستەوە بوو.***

لەم نموونەی سەرەوەدا (ژنەکە) بەهۆی (ژنێک) دەناسرێتەوە کە ئاماژەی بۆ کراوە. لێرە ئامرازی ناسیاری (ەکە) ئەرکی لکاندنی گرێی ناوی بە پێشەوەی دەق دەبینێت واتە ئەرکی (دەقە ئاماژەی پێشەوە).

- ***قسەکەری فەرمی بزووتنەوەی تاڵیبان ڕایگەیاند کە بزوتنەوەکە ڕێگا نادات لە زانکۆکانی ئەفغانستان کچان و کوڕان تێکەڵ بکرێن.***

لەم نموونەی سەرەوەدا ئامرازی ناسیاری لە (بزووتنەوەکە)دا ئاماژە بەناوێک دەکات کە ئەویش (بزووتنەوەی تاڵیبان)ـە، کە لە پێشەوە هاتووە ئامرازی ناسیاوی بەدەگمەن وا ڕێک دەکەوێت ئەرکی دەقە ئاماژەی دواوە ببینێت. تەنیا لەو بارانەدا کە لە گرێی ناویدا بەشدار بێت و گرێ ناویەکە بە پاڕستەی گەیەنەر فراوان کرابێت. وەک:

- ***ئەو سەماوەرە تێک قوپاوەی جارانم لێ بۆتە کەمانێکی نەشمیلە و جوان و خۆشترین ئاواز دەڕژێنێتە ناخی دەروونمەوە. قۆریە گەورەکە لەگەڵ <u>گیراوەکەی</u> کە جاران قێزم لێ دەکردەوە ئێستا زۆر خنجیلە و خاوێن دێتە پێش چاوم.***

ئامرازی ناسیاوی لە (گیراوەکە)ی ئاماژە بۆ پارستەی (کە جاران قێزم لێ دەکردەوە) دەکات کە لە دوای خۆیەوە هاتووە.

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە سەیری ئەم نموونەیە بکە.

- ***سەناریاشم لەم هۆڵەدا بۆ یەکەم جار ناسی، لە کاتێکدا ئەتوت ئەناهیتایە بەرامبەر <u>تابلۆیەک</u> وەستا بوو. زۆر بە پەرۆش و تاسەوە لێی ورد ئەبووەوە. منیش چاوم لە نێوان تابلۆکە و ملوانکەی ملیا لە هاتووچۆدا بوو. سنگ و یەخەی کرابووەوە. بە خێلیم بەو دڵە بچکۆڵە زێڕە ئەبرد کە لە نێوان مەمکەنیا جۆڵانەی ئەکرد، پێش ئەوەی بێمەوە سەر خۆم، ئەوەندم زانی هونەرمەندی خاوەن <u>تابلۆکە</u> لە نێوانمان دایە. بەر لەوەی شتێکمان دەربارەی <u>تابلۆکە</u> بۆ ڕوون بکاتەوە پێکی ناساندین.***

لەم دەقەی سەرەوەدا دەبینین چوارجار وشەی (تابلۆ) دووبارە بۆتەوە: یەکەمیان بریتییە لە (بەرامبەر تابلۆیەک وەستا بوو) لێرەدا وشەی تابلۆ دەرە ئاماژەیەی هێماییە چونکە ئاماژە بە شتێک دەکات لە دەرەوەی زمانە یان لە دەرەوەی دەقەکەدایە. دووەم (لە نێوان <u>تابلۆکە</u>). لەمەشیاندا بەهۆی ئەو ئامرازە ناسیاویەی کە بە وشەی (تابلۆ)وەیە کە بریتییە لە (کە)، بەهۆی ئەم (کە) پەیوەندییەک دروست بووە لە نێوان وشەی

(تابلۆ) لە یەکەم و دووەمدا. واتە ئامرازە ناسیاویەکە کە لەگەڵ وشەی تابلۆی دووەم دا هاتووە بۆتە هۆی ئەوەی کە تابلۆی دووەم بە تابلۆکەی پێشەوە بلکێنێ بۆ ئەو تابلۆیە دەگەڕێتەوە کە سەناریا بەرامبەری وەستابوو، دەبێتە دەبێتە دەقە ئاماژەی پێشەوە. سێیەم وشەی تابلۆ لە (هونەرمەندی خاوەن تابلۆکە)ئەویش پرۆسەی لکاندنی دروست کردووە لەگەڵ ئەوانیتردا لە چوارەمیش کە دەڵێ (دەربارەی تابلۆکە) بە هەمان شێوە کرداری لکاندنی دروست کردووە لەگەڵ (تابلۆ)کانی پێشەوە.

ئامرازی ناسیاری (ەکە) وەک کلیلێک بۆ لێکدانەوەی واتا پراگماتیکیەکان بەکاردێت، بەهۆیەوە دەتوانین لە دووبارەبوونەوەی کۆمەڵێ ڕستە ڕزگارمان بێت. وەک:

- ***دوێنێ دوای ئەوەی <u>ڕۆژنامەکەم</u> خوێندەوە، ڕادیۆکەم پێکرد و <u>گڵۆپەکەم</u> کوژاندەوە و لەسەر <u>جێگاکەم</u> پاڵ کەوتم، ئیتر نازانم کەی خەوم لێکەوت.***

لەم دەقەی سەرەوەدا لە هەموو ئەو شوێنانەی ئامرازی ناسیاوی (ەکە)ی تێدا بەکارهاتووە کە هێلی بەژێردا هاتووە، بەهۆی ئامرازەکە دەقەکە لەگەڵ دوروبەر جووت بووە و هەروەها کێشەی دووبارەکردنەوەی کۆمەڵێ ڕستەی لەکۆڵ کردینەتەوە. ئەگەر وا نەبوایە، دەقەکە دەبوایە بەم شێوەیە بێت:

- ***دوێنێ خەریکی ڕۆژنامە خوێندنەوە بووم، دوای ئەوەی ڕۆژنامەکەم خوێندەوە، ژوورەکەم ڕادیۆیەکی تێدا بوو، ڕادیۆکەم پێکرد، گڵۆپێک لە ژوورەکەمدا داگیرسابوو، گڵۆپەکەم کوژاندەوە، جێگای خەوتنم لە ژوورەکەم دابوو، لەسەر جێگاکەم پاڵ کەوتم.***

لە هەموو ئەوانەی سەرەوە کە باسکران، ئەگەر هاتوو گوێگر نەیتوانی ڕستەکانی پێشوو لە قسە و گوتنەکانی قسەکە بدۆزێتەوە و لێیان تێ بگات ئەوا ئاساییە پرسیار بکات. هەردەم پرسیاریش لەو کەرستەیە دەکات کە ئامرازی ناسیاریەکە ئاماژەی بۆ دەکات. کەواتە ئەگەر گوێگر نەتوانی ئامرازە ناسیاریەکە و کەرستە ئاماژە بۆ کراوەکە جووت بکات، ئەوا داوای یارمەتی لە قسەکەر دەکات کەرستەکەی بۆ بدۆزێتەوە و

ڕوونبکاتەوە. داواکارییەکەش لە شێوەی پرسیاردا دەبێت و لەو بارەدا قسەکە دەبێ بەشێوەیەکی ڕوونتر کەرستەکە لە ڕۆنانی ژێرەوە بهێنینە ڕۆنانی سەرەوە. بۆ نموونە:

- ***چەند بە ئاسانی هەواڵەکەیان پێ ڕاگەیاندم.***

ئەگەر گوێگر زانیاری دەربارەی (هەواڵ)ـەکە نەبێت ئەوا لەم دەقە تێناگات و واتا پراگماتیکییەکانی دەست ناکەوێت. تەنانەت ئەگەر (هەواڵ) دیارخەریشی لەگەڵ دابێت ئەوا هەر لێی تێناگات. وەک:

- ***چەند بە ئاسانی هەواڵەکەیان پێ ڕاگەیاندم.***

کاتێک گوێگر لێی تێ ناگات دەپرسێت:

- ***کام هەواڵ***

قسەکەر دەڵێت:

- ***چەند بە ئاسانی هەواڵە جەرگ بڕەکەیان پێ ڕاگەیاندم.***

لێرەدا دیارخەریش هەیە بەڵام هێشتا واتاکە ڕوون نییە، واتە دیارخەرەکە نەیتوانیوە ببێت بە بەدیل بۆ ئەو ئامرازە ناسیارییەی بە وشەی (هەواڵ)ـەوە نووساوە. چونکە ئەم دیارخەرانە ڕاستەوخۆ بۆ سەرەی ناوەکە دەگەڕێنەوە، ڕۆڵی جووتکردنی گوتن بە دەوروبەر ناگێڕن. بۆیە ئەگەر گوێگر زانیاری پێشینەی نەبێت لە بارەی (هەواڵەکە) (ئەو هەواڵەی کە ئامرازی ناسیاریەکەی بۆ دەگەڕێتەوە)، دەبێ پرسیارێکی لەم شێوەیە بکات:

- ***کام هەواڵ***

قسەکەریش زانیاری تەواوی پێ دەدات و دەڵێ:

- ***هەواڵی شوکردنی بەفرین.***

دەبێ سەرنجی ئەوە بدەین کە لە سینتاکسدا وا لێک دەدرێتەوە ئامرازی ناسیاری (ەکە) دەبێتە دیارخەر بۆ (سەرە) دەگەڕێتەوە، لە واتاسازیدا دا وا لێک دەدرێتەوە کە ئەرکی ناساندنی ناوە، ئەو ناوە دەناسێنی کە پێیەوە لکاوە. لە لکاندن و بەستانەوەی پارچەکانی دەقیش دا وا لێک دەدرێتەوە کە ئەرکی ئاماژەکردن دەبینێت بۆ ڕستەیەکی پێشوو.

٢- **ئامراز (جێناو)ی نیشانە (ئاماژە)**: جێناوەکانی ئاماژە (مۆرفیمەکانی نیشانە لە کوردی ناوەڕاستدا) ئەمانەن:

| | تاک | کۆ |
|---|---|---|
| نزیک | ئەم. ئەمە | ئەمان. ئەمانە |
| دوور | ئەو. ئەوە | ئەوان. ئەوانە |

ئامرازەکانی نیشانە ڕۆڵی دیاریان هەیە لە لکاندنی بەش و پارچەکانی دەق بەیەکترەوە، ئەمانیش وەک نیشانەیەکی پراگماتیکی ئاماژە بە کەرستەیەک دەکەن کە لەناو دەقەکەدا هاتووە بەڵام لە پێناوی خۆپاراستن لە دووبارەکردنەوە و کەم سەرفکردنی وزە و ئیکۆنۆمیدا، بەهۆی مۆرفیمی نیشانەوە ئاماژە بە کەرستەکە دەکرێت کە لە پێشەوە هاتووە. وەک:

- ***هەرگیز ناتوانیّ بە پول و پارە، سەربازێکی وەفادار، مامۆستایەکی دڵسۆز، هونەرمەندێکی بەتوانا، کرێکارێکی باش، پەیدا بکەی، دۆزینەوەی <u>ئەوانە</u> کاری مرۆڤە.***

لەم دەقەی سەرەوەدا ئامرازی نیشانەی (ئەوانە) ئاماژە بە کەرستەکانی (سەربازێکی وەفادار، مامۆستایەکی دڵسۆز، هونەرمەندێکی بەتوانا، کرێکارێکی باش) دەکات. بەکارهێنانی ئامرازی ئاماژە (ئەوانە) بۆتە هۆی ئەوەی ڕزگارمان بێت لە

دووبارەکردنەوەی کەرستە ئاماژە بۆ کراوەکان. هەوەها بەهۆی ئەوەوە پەیوەندییەک دروست بووە لە نێوان پارچە بەشەکانی دەقەکەدا.

مەرج نییە هەموو کات بەهۆی ئامرازی نیشانەوە، ئاماژەکردن بۆ پێشەوە ئەنجام بدرێت، بەڵکو جاری وا هەیە بەهۆی ئامرازی نیشانە ئاماژەکردن بۆ دواوە ئەنجام دەدرێت واتە (چاو لەدوا (لە پاش) ). وەک: وتەبێژێک بەناوی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا ڕایگەیاندن بڕیارە وەزارەتی دەرەوەی ئەڵمانیا ڕۆژی ١/٣٠ لە لەندەنی پایەتەختی بەریتانیا لەسەر دۆسیە ئەتۆمیەکەی ئێران کۆببنەوە، بەپێی لێدوانی وتەبێژەکە ئەگەری <u>ئەوە</u> زۆر، کە کرۆکی ئەم کۆبوونەوەیە تایبەت بێت، بە ئاراستەکردنی دۆسیە ئەتۆمیەکەی تاران بۆ بەردەم ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی....

لێرەدا ئەگەر خوێنەر پرسیاری ئەوەی لا دروست بوو کە (ئەگەری چی زۆرە) ئەوا وەڵامەکە لە دواوە هاتووە کە بریتییە لە (ئەگەری ئەوە زۆرە کە کرۆکی ئەم کۆبوونەوەیە... هتد.

٣- **ئامرازەکانی کات و شوێن**: ئاوەڵکارەکانی کات و شوێن لە ناو دەقدا ئەرکی ئاماژەکردن دەبینن.

- نیشانەکانی شوێن بە پلەی یەکەم ئەرکیان بریتییە لە بەستنەوەی دەق بە دەوروبەرەوە هەروەها بەیەک بەستنەوەی بەشەکانی دەق بەیەکتری. بۆ نموونە:
- ***<u>ویستم سەرێک لە دایکم بدەم بۆیە چووم بۆ ئەو گەڕەکەی کە تەواوی یادگارییەکانی منداڵی و هەرزەکاریم تێدا جێ هێشتبوو</u>، کە گەیشتمە <u>ئەوێ</u> خۆم پێ نەگیراو... هتد.***

لەم دەقەی سەروە ئاوەڵکاری شوێنی (ئەوێ) ئەرکی ئاماژەی بینیوە کە ئاماژە بە شوێنێک دەکات لە پێشەوە ناوی هاتووە کە بریتییە لەو (گەڕەکەی کە تەواوی یادگارییەکانی منداڵی و هەرزەکاریم تێدا جێ هێشتبوو..)، بۆتە هۆی بەیەک بەستانەوەی پارچەکانی دەقەکە.

دەتوانین ئاماژەی جوڵەیی و هێمایی دەستنیشان بکەین:

- ***لێرە دایبنێ*** (ئاماژەی جولەیی).

لەم دەقەی سەرەوەدا ئاماژەی جوڵەیی هەیە، چونکە کاتێک (لێرە) بەکاردەهێنین دەبێ بەدەست هێما بۆ شوێنەکە بکەین تاکو شوێنەکە بناسێنین.

- ***کاتێکی خۆشمان لەوێ بەسەربرد.*** (ئاماژەی هێمایی)

لەم دەقەشدا ئاماژەی هێمایی هەیە کاتێک ئاوەڵکاری شوێنی (لەوێ) بەکارهاتووە.

بەهەمان شێوەی ئاوەڵکارەکانی شوێن، ئاوەڵکارەکانی کاتیش لە دروست کردنی پەیوەندییەکانی نێو دەقدا بەشدار دەبن و ئاماژە بە کات دەکەن و دەبنە هۆی بەیەک بەستانەوەی بەش و پارچەکانی دەقەکە. وەک:

***لە <u>هەشتاکاندا</u> لە لادێ دەژیام وەکو ئێستا بواری خوێندنەوەم فراوان نەبوو چونکە <u>ئەوکات</u> خەریکی کاری کشتوکاڵی و جووتیاری بووم.... ).***

لەم دەقەی سەرەوەدا ئاوەڵکاری کاتی (ئەوکات) ڕۆڵی دەقە ئاماژەی پێشەوەی (چاو لەپێش)ی بینیوە، ئاماژە بە کاتێک دەکات کە لە پێشەوە ناوی هاتووە کە ئەویش (هەشتاکان)ـە. بەم جۆرە بۆتە هۆی لکاندن و بەستانەوەی بەش و پارچەکانی دەقەکە.

- ***لە سەردەمی لاوێتیماندا ئەو شتانەمان زۆر بەجدی وەردەگرت هەرچەندە <u>جاران</u> بیروڕاشمان جیاواز بوو.***

لەم دەقەی سەرەوە ئاوەڵکاری کاتی (جاران) دەقە ئاماژەی پێشەوەیە بۆ (سەردەمی لاوێتی) دەگەڕێتەوە کە لە سەرەتادا هاتووە.

**دووەم/ جێناوە کەسییەکان:** جێناوە کەسییەکان لە کوردیدا دەبن بە دوو جۆر کە ئەوانیش بریتین لە جێناوی کەسی سەربەخۆ و جێناوی کەسی لکاو. هەردوو جۆرەکە بە شێوەیەکی فراوان بەشداری دەکەن لە پرۆسەی ئاماژەکردن لەناو دەقدا بەتایبەتی

دەقە ئاماژەی پێشەوە. جێناوەکانی کەسی یەکەم و دووەم زیاتر دەبن بە دەرە ئاماژە، بەڵام جێناوی کەسی سێیەم زیاتر لە جێناوەکانی تر ڕۆڵی دەقە ئاماژە دەبینێت و دەبێتە کەرستەی ئاماژەکەر، کەرستە ئاماژە بۆ کراویش زیاتر لە بەشە ئاخاوتنی ناودا دەبێت. نموونە:

- ***ئاوێنە باشترین هاوڕێمە چونکە کاتێک من دەگریم ئەو هەرگیز پێ ناکەنێ.***

لەم دەقەی سەرەوە جێناوی جودای (ئەو) ئاماژە بەناوێک دەکات کە لە پێشەوە هاتووە ئەویش (ئاوێنە)یە، بەمەش ڕۆڵی دەقە ئاماژەی پێشەوەی بینیوە و بۆتە هۆی پتەوی دەقەکە و بەشەکانی بەیەکتر بەستۆتەوە.

لە زۆربەی کاتەکاندا جێناوەکانی کەسی یەکەم و دووەمی تاک وەک دەرە ئاماژەی هێمایی بەکاردێن، تەنیا لە هەندێ باری دەگمەندا کەسی دووەمی تاک وەک دەرە ئاماژەی جولەیی بەکاردێت. وەک:

- ***تۆ و تۆ لەگەڵ خۆم دەبەم، ئێوەش لێرە چاوەڕوانمان بکەن.***

**سێیەم: مۆرفیمەکانی بەراورد:** یاخود لە هەندێک سەرچاوە (ئاماژەی بەراورد کردن)ی پێ دەگوترێت. ئەمەش بریتییە لە ڕێگەیەکی تری ئاماژەکردن. دەبێ ئەوە بزانین کە چەمکی بەراوردکردن لە بواری دەقدا یاخود لە بابەتی ئاماژەکردندا ئەو چەمکە تەسکە نیە کە لە ڕێزماندا بەهۆی ئامرازی بەراوردکردن (تر – ترین) ئەنجام دەدرێت. بەڵکو چەمکی بەراوردکردن لە ئاماژەدا بوارێکی فراوانتری هەیە.

ئاماژەکردن بەهۆی بەراوردکردنەوە دوو جۆری سەرەکی لێ دەستنیشان دەکرێت، کە ئەوانیش بریتین لە:

١- **بەراوردکردنی گشتی:** ئەم جۆرە بەبێ بەکارهێنانی مۆرفیمی بەراورد ئەنجام دەدرێت. وەک:

- ***ئەگەر تۆنی بلێر بڕوات و گریمان گۆردن براون جێگەی گرتەوە، ئەوا ئەویش پەیوەستە بە هەمان سیاسەتەوە.***

لەم دەقەی سەرەوە گرێی ناوی (هەمان سیاسەت) خاڵی بەراوردی نێوان بلێر و براونە.

بەراوردی گشتی دیاردەی دەقە ئاماژەی دواوە دروست دەکات، یان لە شێوەی لێکچواندن، یان لە شێوەی جیاوازی دەبێت، بۆ ئەم مەبەستەش زیاتر دەربڕینەکانی: (وەکو، جگە، هەمان) بەکاردێت وەک:

- ***خۆشەویستی وەک شەڕ وایە، دەست پێکردنی ئاسانە و کۆتایی هێنانی زەحمەتە.***

لەم دەقەی سەرەوە بەراورد لەنێوان (خۆشەویستی) و (شەڕ)دا کراوە بەهۆی دەستەواژەی (وەک)، کە بەراوردکردنەکە لە جۆری لێکچواندن دایە. کە دەقە ئاماژەی دواوەی پێکهێناوە.

- ***پیاوان بە چاوەکانیان دەکەونە داوی خۆشەویستی بەڵام ژنان بە گوێیەکانیان.***

لەم دەقەی سەرەوەدا بەراوردکردنی گشتی هەیە و لە جۆری جیاوازییە لە نێوان دوو شت دا، کە ئەوانیش (پیاوان) و (ژنان)ن. کە دەقە ئاماژەی دواوەی دروست کردووە.

- ***من چەندین جار ئەم هەواڵەم جگە لە دایکم بۆ باوکیشم باس کردبوو.***

لەم دەقەی سەرەوە بەراورد لە جۆری لێکچواندن هەیە لە نێوان (دایک) و (باوک). کە بەهۆی (جگە) دروست بووە کە (جگە) دەبێتە خاڵی بەراوردکردنەکە. بەراوردەکەش لە جۆری ئاماژەکردن بۆ دواوەیە.

٢- **بەراوردی تایبەتی:** ئەم جۆرەی بەراورد بەهۆی مۆرفیمی بەراوردکردنی (تر) دروست دەبێت. بەراوردکردنەکەش یان بەراوردێکی چەندییە، وەک: (زیاتر، کەمتر، دوورتر، نزیکتر)یان بەراوردکردنێکی چۆنیەتییە. وەک: (خۆشتر، باشتر،... هتد) یان مۆرفیمی

(تر) بە کەرستەی ترەوە دەلکێت و وەک (ساڵێکی تر، ئەوەی تر، یەکێکی تر، چیتر، .... هتد). بەراوردی تایبەتی هەردەم ڕۆڵی دەقە ئاماژەی پێشەوە دەبینێت. وەک:

- ***کاتێک کە <u>دەرگایەک</u> بەڕووت دا دادەخرێت، <u>دەرگایەکی تر</u> دەکرێتەوە.***

لەم دەقەی سەرەوەدا بەهۆی بەراوردکردنی دەقە ئاماژەی پێشەوە دروست بووە، بەهۆی مۆرفیمی بەراوردی (تر) لەگەڵ (دەرگایەکی تر)دا کە بریتییە لە بەراوردکردنی تایبەتی.

- ***لە کۆڵانەکەی ئێمە خەڵکانێک هەن کە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە سارد و سڕن، زۆر حەز بە تێکەڵاوی ناکەن، بەڵام خەڵکانێکی <u>زۆرتر</u> هەن کە کۆمەڵایەتین و حەزیان بە تێکەڵاویە.***

لەم دەقەی سەرەوەدا بەهۆی (زۆتر) بەراوردێک کراوە لەنێوان دوو جۆر خەڵک دا. کە بریتییە لە بەراوردی تایبەتی چونکە بەهۆی مۆرفیمی بەراوردی (تر) ئەنجام دراوە.

ب- **بریتی خستن**: ڕێگایەکی تر بۆ لکانی پارچە و بەشەکانی دەق بریتییە لە کرداری بریتی خستن. هالیدای دەڵێت: بریتی خستن ئەوەیە کە کەرستەیەک شوێنی کەرستەیەکی تر بگرێتەوە لەناو دەقدا.

لە پرۆسەی بریتی خستندا، نێرەر کەرستەیەک لەبڕی کەرستەیەکی تر بەکاردهێنێت، کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی بەش و پارچەکانی دەق بەیەکەوە بلکێن، بەوەی کە وەرگر ناچار دەکات بەدوای کەرستە (بریتی خراو)وەکەدا بگەڕێت کە هەندێک جار (کەرستەی بنجی)پێ دەڵێن. ئەو کەرستەیەی کە لە بڕی کەرستەیەکی تر بەکاردێت پێی دەوترێت (بریتیخەر – Pro form) کە بەزۆری لە پۆلی جیناو یان ئاوەڵکارەکانن. وەک: (ئەو، ئەوان، ....، لێرە، لەوێ، ئەوسا... ).

نێرەر بەزۆری کردەی بریتیخستن لەپێناوی خۆبواردن لە دووبارەبوونەوەی بەکاردەهێنێت. ئەوەی لە بریتیخستندا دەبێتە هۆی پتەوی دەق و بەیەکەوە لکانی بەش

و پارچەکانی دەق بریتییە لە پەیوەندی هاوبەشی نێوان کەرستەی بنجی (بریتیخراو) و کەرستە (بریتخەر)ەکە. چونکە پەیوەندییەکی هاوبەش لە نێوانیاندا هەیە بۆیە دەشێت لە شوێنی یەکتر بەکاربهێنرێن ئەمەش پەیوەندییەکانی ناو دەق بەهێزتر و پتەوتر دەکات.

- ***<u>هەنارەکان</u> قاش بکە و <u>دایان</u> تەکێنە.***

لەم دەقەی سەرەوەدا جێناوی لکاوی (یان) لە بڕی هەنارەکان بەکارهاتووە. کە دەقەکە لە ئەسڵدا بەم شێوەیەیە:

- ***هەنارەکان قاش بکەو، هەنارەکان داتەکێنە.***

نێرەر بۆ دووبارە نەکردنەوەی هەنارەکان ئەم بریتیخستنەی بەکارهێناوە.

- ***لە هەولێر لە دایک بووم و هەر لەوێش خوێندنم تەواوکرد.***

لەمەی سەروە (لەوێش) لەبڕی ناوی هەولێر بەکارهاتووە.

**جۆرەکانی بریتی خستن:** بریتی خستن پەیوەندییەکی ڕێزمانییە و دەکرێت ئەم جۆرانەی لێ دەست نیشان بکرێت: (ناوی، کرداری، پاڕستەیی).

١- **ناوی:**

أ_ بەکارهێنانی جێناوەکانی کەسی سێیەمی تاک و کۆ (ئەو، ئەوان) لەبڕی ناوێک یان گرێیەکی ناوی:

- ***مرۆڤە بێ ئاگا و خەوخۆشەکان بەشێکن لە سەرکەوتنی خەڵکانی تر و ئەوان سەرکەوتوو نابن.***

لەم دەقەدا جێناوی سەربەخۆی (ئەوان) لەبڕی (مرۆڤە بێ ئاگاو خەوخۆشەکان) بەکارهاتووە.

ب- بەکارهێنانی جێناوە لکاوەکان بەم شێوەیە:

- **بریتی خستنی بکەر:**

ئێوە زۆر بەگەرمی بەخێرهاتنیان دەکە<u>ن</u>.

جێناوی لکاوی (ن) لەبری جێناوی جودای (ئێوە) لە بکەرە بەکارهاتووە.

هەر ئەو شەوە ئازاد دەستی نایە سەر سنگییەوە و بەڵێن<u>ی</u> دا، کە تا دوا هەناسە لەگەڵمان بێت.

جێناوی لکاوی (ی) لە بری (ئازاد) کە بکەرە.

- **بریتی خستنی کار:** لە کوردیدا دەتوانرێت بەرکاریش بەجێناوی لکاو جێگیر بکرێت. وەک:

***دەتبەمەوە شوێنی خۆ<u>ت</u>.***

لەم دەقەدا (ت) لەجیاتی (تۆ) بەکارهاتووە کە بەرکارە، ئەسڵەکەی وایە:

***من تۆ دەبەمەوە شوێنی خۆت.***

نموونەیەکی تر:

***ئەو شەوە تا درەنگ وەختێک خەو نەچووە چاوم و لەناو جێگاکەمدا هەر تەپاوتلم بوو. بیرو هەست و هۆشم ئاڵا بووە کڵافەیەک باس و خواسی ئەوتۆوە کە هەر چەندم دەکرد لێیان دەرباز نەدەبوو، جارەهای جار بە قسەکانی ئەو ڕۆژەی گوڵچین خاندا چوومەوە و لە دڵی خۆمدا وتنم<u>ە</u>وە.***

لەم دەقەی سەرەوەدا جێناوی لکاوی (ن) لە گرێی کاری (وتنمەوە)دا هاتووە لە بری (قسەکانی ئەو ڕۆژەی گوڵچین خان)دا هاتووە. کە بەرکارە ئەگەر ڕستەکە بگەڕێنینەوە ئەسڵی خۆی ئەوا (ن)ـەکە نامێنێ، چونکە لە کوردیدا یان بەرکار خۆی ئامادەیە یاخود نوێنەرەکەی کە جێناوێکی لکاوە وەک بکەر نییە هەردووکیان بوونیان هەبێت. ئەگەر ڕستەکە بگەڕێنینەوە دەبێتە: ( لە دڵی خۆمدا قسەکانی گوڵچین خانم وتەوە).

م عمر